


# وتەی ئەمجارەمان

## هەڵکردنی ئاڵای کوردستان

منداڵە خۆشەویستەکان! هیواکانی دوارۆژی کوردستان!

دەزانن جگە لە وڵاتان کە هەموویان خاوەنی ئاڵان، زۆر نەتەوەی دیکەش وەکوو رەمزو هێمای نەتەوەیی خاوەنی ئاڵان. نەتەوەی کوردیش خاوەنی ئاڵای خۆیەتی. زۆربەتان ئاڵای کوردستان دەناسن کە لە سێ رەنگی سوور و سپی و سەوز پێک هاتووەو تیشکی خۆر لە نێوەڕاستی دایە.



رەنگە بۆتان پرسیار بێ ئەو ئاڵایەچۆن بۆتە رەمزی نەتەوەی کورد و چ مێژوویەکی هەیە. وەک دەڵێن دەور و بەری سەد ساڵ لەوەپێش ژمارەیەک لە کوردەکانی باکوور و رۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە نزیک سنووری نێوان ئێران و تورکیە و عێراق ئاڵایەکی وەک ئەمەی ئێستایان داناوە بۆ کورد و گوتوویانە هەر پارچەیەکی کوردستان ئازادبێ، ئەم ئاڵایە هەڵ بکا.

لە ساڵی ١٣٢٤دا کە دەسەڵاتی رێژیمی پاشایەتی لە ناوچەی مەهاباد و دەوریەری نەما، و پاش دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەز ( ١٧/ ١٢/ ١٩٤٥ ) دا ئەم ئاڵایە بۆیەکەم جار لە شاری مەهاباد هەڵکراوە. دواتریش بە دامەزرانی کۆماری کوردستان لەچەند شار و ناوچەی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکراوە.

منداڵە ئازیزەکان!

رەنگی سووری ئاڵای کوردستان نیشانەی خەبات و قوربانیدانی کوردە، رەنگی سپی نیشانەی ئاشتییە و رەنگی سەوز نیشانەی ژیانەوە و زیندوویەتییە و تیشکی خۆریش نیشانەی هیوا و هومێد و ئاسۆی روونە. دوای ئەو هەموو ساڵە خەبات و فیداکارییە تەنیا لە بەشێکی کوردستان ( باشوور ) کورد مافی هەیە ئەم ئاڵایە هەڵ بدا. بێگومان ئێوەش وەک منداڵانی هەموو نەتەوە پێگەیشتوو و بەختەوەرەکان نەتەوە و نیشتمانی خۆتان خۆش دەوێ و بە خوێندن و خۆپێگەیاندن و کار و چالاکی، خزمەت بە نەتەوە و نیشتمانەکەتان دەکەن. بەوهیوایەی ئێوە ئاواتی نەسلەکانیپێش خۆتان بە دی بێنن کە بریتی بوو لە هەڵاگردنی ئاڵای کوردستان بە ئازادی لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دا.

**مستەفا مەعرووفی**




ماه شەرەف خانم ( مەستوورە ئەردەڵان) شاعیر و نووسەر و مێژوونووس ساڵی ١١٨٤ هەتاوی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری سنە لە دایک بووە و یەکێک بووە لە شازادەکانی دەرباری ئەردەڵان.

مەستوورە خانم لە تەمەنی منداڵیدا بە پێچەوانەی نەریتی ئەو کاتە وێڕای کوڕان چۆتە قوتابخانە و فێری خوێندن و نووسین بووە و توانیویەتی بە ٣ زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی قسە بکا. زۆری پێ نەچوو کە مەستوورە خانم بووە بە یەکێک لە ژنە بە توانا و لێهاتووەکانی ئەو سەردەم و هاتە ناو ریزی شاعیران و نووسەرانەوە.

مەستوورە بەو بەهرە و هەستە جوانە کە بۆ شێعر نووسین هەیبوو توانی خۆی لە قەرەی شاعیران بدا و لە نووسینەوەی مێژووشدا دەستێکی باڵای هەبوو.

میرزا عەلی کە مێژوو نووسێکە دەڵێ کە شێعرەکانی مەستوورە خانم دەگاتە بیست هەزار کۆپلە شێعر و هەروەها دەڵێ کە مەستوورە خانم بە هۆی شێعر و نووسینەکانی لە سەر مێژوو شایانی ئەوەیە بێتە ریزی ژنان و مێژوونووسانی ناوداری جیهان.


مەستوورە خانم لە تەمەنی ١٧ ساڵی دا لەگەڵ خوسرەوخان یەکێک لە حاکمانی ئیمارەتی ئەردەڵان ژیانی هاوسەری پێک هێناوە، بەڵام زۆری پێ نەچووە کە خوسرەوخان بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

مەستوورە خانم دوای کۆچی دوایی خوسرەوخان تا ساڵی ١٢٦٣ لە سنە دەژیا بەڵام بە هۆی ناکۆکیی نێوان حاکمانی ئەو کاتی ئەردەڵان ناچار بوو لەگەڵ بنەماڵەکەی شاری سنە بە جێ بهێڵێ و بچنە شاری سلێمانی و لە ناو بنەماڵەی بابانەکان ژیان بەسەربەرێ و ساڵی ١٢٢٧ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردوە.

ئەو ژنە شاعیر و نووسەرە چەندین کتێب و دیوانە شێعری هەیە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە کتێبی مێژووی ئەردەڵان ( تاریخ اردلان) و هەروەها دیوانە شێعری (مەستوورە کردستانی) بکەین.


ئا: شیلان قوربانی فەر





# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



سەعید بە مۆحسێنی هاوڕێی گوت: براکەت کە چۆتە هەندەران لە چ ڕێگەیەک بژێوی ژیانی خۆی بە دەست دێنێ؟

مۆحسێن: لە ڕێگەی نووسەرییەوە.

سەعید: چ دەنووسێ؟

مۆحسێن: هەموو مانگان نامەیەک بۆ باوکم دەنووسێ هەتا پارەی بۆ بنێرێ.

***

حەسەن پاش بەشداری کردن لە تاقیکاری کۆتایی ساڵ بە هاوپۆلەکەی گووت: ئێمە دەچین بۆ سەفەر تکایە دەرەجەکانی منیش بپرسە بە شێوەی ڕەمز هەواڵم بۆ بنێرە. ئەگەر لە وانەیەک کەوتبووم بڵێ: سەلیم سڵاوت دەگەیەنێ ئەگەر لەدوو وانەش کەوتبووم بڵێ سەلیم و براکەی سڵاوت دەگەیەنن.

پاش ماوەیەک هاوپۆلی حەسەن نامەیەکی بەم شێوەیە بۆ نارد: بنەماڵەی سەلیم هەموویان سڵاوت دەگەیەنن!!

***

کیان: لە خەونم دابوو چووبووم بۆ سەفەر.

مەتین: منیش لە خەونم دابوو کۆلێکم خواردنی خۆش خوارد.


کیان: ئەدی بۆ بە منت نەگوت بێم لەگەڵت بخۆم؟

مەتین: دەمهەویست پێت بڵێم بێی، بەڵام گوتیان چۆتە سەفەر.

## ئادەی بە دڵی خۆتان بمرەنگێنن









ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا.
www.Kurdistanukurd.com
دەستەی نووسەران: هانا وریا، تریفە سادقی، شیلان قوربانی فەر
مۆنتاژو دیزاین: مینا سوڵتانزادە
mndalanykurd@yahoo.com
دنیای منداڵان

# کانیی سیّحراوی



ڕۆژێک لە ڕۆژان لە دارستانێکی گەورەدا کەروێشکێکی ژیر و وریا دەژیا. ڕۆژێک کەروێشکەکە لە حاڵی هەڵاتن و کایە کردن دابوو کە گەیشتە کانییە سیّحراوییەکە.

کەروێشک ویستی لە کانێکە ئاو بخواتەوە کە لە پڕدا زەردەواڵەیەک خۆی گەیاندە کەروێشکەکە و پێی گوت: لەو کانییە ئاو مەخۆوە. هەر کەسێک لێرە ئاو بخواتەوە چووکە دەبێتەوە.

بەڵام کەروێشکەکە گوتی بە قسەی زەردەواڵەکە نەدا و لە ئاوی کانێکەی خواردەوە. لە پڕدا کەروێشکەکە بە ئەندازەی مێرولەیەکی لێ هات و چووکە بۆوە.

کەروێشک زۆر ناراحەت بوو و لە زەردەواڵەکەی پرسی: ئێستا دەبێ چی بکەم؟ تکا دەکەم یارمەتیم بدە تا وەکوو خۆمم لێ بێتەوە.

زەردەواڵەکە گوتی: من پێم گوتی لەو کانییە ئاو مەخۆوە بەڵام تۆ گوێت بە قسەی من نەدا.

کەروێشک پرسی: ئێستا دەبێ چی بکەم؟

زەردەواڵەکە پێی گوت: تۆ دەبێ برۆی بۆ کێوی جادوو تا ڕازی کانییەکە بزانی. کەروێشک و زەردەواڵەکە ڕۆیشتن و ڕۆیشتن تا گەیشتە کێوی جادوویی.

کەروێشک پرسیاری کرد: ئێستا دەبێ چی بکەم؟

زەردەواڵەکە گوتی: تۆ دەبێ وەڵامی مەتەڵەکەی کە لەسەر کێوەکە نووسراوە بدۆزیەوە.

کەروێشک دەستی کرد بە خوێندنەوەی مەتەڵەکە.

مەتەڵی یەکەم ئەوەبوو: ئەوە چییە دەگری بەڵام چاوی نییە؟

کەروێشک دانیشت و بیری کردەوە. لە پڕدا هاواری کرد و گوتی: تێ گەیشتم، تێ گەیشتم، ئەوە هەورە.

لەگەڵ گوتنی ئەو قسەیەی کەروێشکەکە، بەردەکەی کە مەتەڵەکەی لە سەر نووسرابوو لاچوو و ئەوان چوونە نێو داڵانێکەوە بەڵام کۆتایی داڵانەکە بەسترابوو و مەتەڵێکی دیکەی لە سەر نووسرابوو.

مەتەڵەکە ئەوە بوو: ئەوە چییە گیانی نییە بەڵام بە دوای گیانداران دا دەگەڕێ؟

کەروێشک دیسان بیری کردەوە و گوتی: تێگەیشتم ئەوە چەک (تفنگ)ە.

بە گوتنی وەڵامی مەتەڵەکە، بەردی دووهەمیش لاچوو و ئەشکەوتێک لە پێشیان وەدەر کەوت. زەردەواڵەکە بە کەروێشکەکەی گوت: تۆ دەبێ بچیە نێو ئەشکەوتەوە. کەروێشکەکە چووە نێو ئەشکەوتەوە و لەوێدا کانییەکی بینی کە وەک کانیی سیّحراوی دەچوو.

زەردەواڵەکە بە کەروێشکەکەی گوت کە تۆ دەبێ لەو ئاوە بخۆیەوە. کەروێشکەکە لە ئاوی کانییەکای خواردەوە و دیسان بۆ شێوەی ئاسایی خۆی گەڕاوە و زۆر سپاسی زەردەواڵەکەی کرد.

زەردەواڵەکە گوتی ئێستا ڕازی کانیەکەت زانی؟

کەروێشک گوتی: بەڵێ. من دەبووایە متمانەم بە تۆ کردبایە، چون پێت گوتم کە نابێ لەو کانییە ئاو بخۆمەوە.

من فێر بووم کە دەبێ گوێ لە ئامۆژگاریی دڵسۆزانەی کەسانی دیکە بگرین و متمانەیان پێ بکەین تا تووشی کێشە نەبین. بەڵێ ڕازی کانی «متمانە» بوو.

**وەرگێران: سەروین فەتاحی**



# گێزەر



منداڵە خۆشەویستەکان! دەمانهەوێ ئەو جارە لەگەڵ هەندێک لە سوودەکانی گێزەر ئاشناتان بکەین

هەروەک دەزانن گێزەر لە دەستەی سەوزەکانە و گەلێک ماددەی بەسوودی تێدایە کە بۆ لەشی مرۆڤ قازانجی زۆریان هەیە.

یەکێک لەو ماددانە کە لە ناو گێزەردا هەیە بە ناوی بێتاکارتۆن، پێکهاتەیەکەی ڕەنگی پرتەقاڵییە و لە ناو ئەو سەوزە و میوانەدا هەیە کە ڕەنگیان زەرد و پرتەقاڵییە.

هەروەها گێزەر وزە بەخشێکی سروشتییە بۆ بە هێزکردنی سیستێمی بەرگریی لەش و لەشی مرۆڤ لە بەرابەر ئیلتهاباتی ڤیرووسی و باکترياییدا دەپارێزێ.

بێجگە لە ماددەی بێتاکارتۆن ماددەیەکی دیکە بە ناوی فیتۆکمیکاڵ (Phytochemical) لە ناو گێزەردا هەیە لەگەڵ ماددەیەکی تریش بە ناوی فیبر کە پێشگیری دەکەن لە تووشبوون بە زۆر نەخۆشی لەوانە نەخۆشیی پووکانەوەی ئێسک و ئاوی مرواری و هەروەها بێتاکارتۆن دژە ئۆکسیدانێکە کە پێش بەونەخۆشییانە دەگرێ کە بە هۆی پیری تووشی مرۆڤ دەبن.



لە هەر ١٠٠ گرەم گێزەردا ئەو ماددانەی خوارەوەی تێدایە:

– وزە ٤٣ کالۆری – پرۆتین ١ گرام – کەربۆهیترات ١٠ گرام – فیبر ٣ گرام – سێدیۆم ٣٥ میلی گرام – کەلیسیۆم ٢٧ میلی گرام – ماددەی ئاسن ١ میلی گرام

چەند قازانجێکی دیکەی گێزەر ئەمانەن:

– گێزەر ڕێژەی چەوری لە خوێن دا دادەبەزێنێ

– خواردنی گێزەر دەبێتە هۆی بە هێز بوونی بینایی چاو و دەتوانن لە شەو دا باشتر ببینن.

– هەروەها خواردنی گێزەر بۆ سکچوون زۆر بە سوودە.

– گێزەر لەشی مرۆڤ لە بەرابەر سەرمادا دەپارێزێ

– خواردنی گێزەر دەبێتە هۆی خاوێن بوونەوە و قاییم بوونی ددانەکان.


– لە ناو گێزەر دا جۆرە هۆرمۆنێک هەیە کە کاری ئەنسۆلین دەکا و قەندی خوێن ڕێک دەخا هەربیەش بۆ ئەو کەسانەی کە قەندی خوێنیان هەیە بە سوودە.

– خوادرنی ١ دانە گێزەر لە ڕۆژدا پێش بە تووشبوون بە شێرپەنجە دەگرێ بە تایبەتی شێرپەنجەی ڕیخۆڵە.

–خواردنەوەی ئاوی گێزەریش قازانجی زۆرە بە تایبەتی بۆ منداڵان.

و: پەیام

# بو ماموستا شه هید کراوه کان...



پاش ئەوەی کە خۆر هەڵدێ
خوێندەواران دێنە دەر

لە نێو کۆمەڵەی ماڵان
ماڵێکی زۆر وێرانە

کاکی مودیر بەانی
ئەڕوات و لەو بەر درگا

رەوشتی کاکی مودیر
لە نێو دڵی خەڵکی دێ
یاری هەژارەکانە
لاویکی چاک و روو خوش
بە راسی خەڵکی ئەوێ

ماوەی تر مەکتەبی دێ
لە پە نجەرەی پورتوکاو

مامۆستا وەکوو جاران
دیسان رۆژی شەمەیە

«وریا» تو هەستە سەر پێ
ئا– وێنەی چی؟ ب – وەک چی؟
لە ئەلفەوە تاکوو –ی–

«وریا» بیر ئەکاتەوە
ئا– وێنەی: ئاوارە
ب – وەکوو: برسیەتی
ت – وەکوو تاڵی ژیان


کاتێ شتێ نازانێ
نون– بە وێنەی نەدار

کاکی مودیر هەلدەستی
ئەڵێ: بەسیەتە ئێتر
هەتا من لە بیرم بێ
تا کەی دەرسی دڵتەنگی؟
ئێتر لایان بەین لە بیر

منداڵەکان مات ئەبن
بێ دەنگی قوتابخانە

ئا – وێنە ی: ئازادی

پرشنگ ئەخاتە سەر دێ
رییێی مەکتەب دەگرنە بەر
***
بۆ خوێدنی منداڵان
کراوەتە قوتابخانە
***
بەر لە خوێندەوارانی
ماوەی هاتو چوو دەکا
***
لاوی ژیر و روشنبیر
بە جوانی گرتوویە جێ
هیوای نەدارەکانە
کوردی وێژ و کوردی پۆش
گیانیان بو مودیر ئەوێ
***
گەرم ئەبێ بە سروودی
تیشکی خۆر ئەداتە ناو
***
ئەڵێ بە خویندەواران:
کاتی پرسینەوەیە
***
دەرسی پێشوم بۆ بڵێ
ت –وێنەی چی؟پ –وەک چی
هەرچی دەزانی بڵێ
***
وەڵامی ئەداتەوە:
ئاواتی ئەو هەژارە
پ – وێنەی پێ پەتی
تاریکی و تێکۆشین
***
بۆ منداڵان ئەروانێ
ە – بە چەشنی هەژار...
***
بەرامبەریان دەوەستێ
دەس کەینە باسێکی تر...
ئەم وشانە ئەگوترێ
تا کەی دەرد و بێ دەنگی؟
روو کەینە را و تەکبیر
***
دەرسی تازە گوێ دەگرن
پر دەبێ لەم وشانە:
***
ئاڵای ئاوات و شادی



ب – وەکو: بیرەوەر
س – وەکو: سەربەستی

منداڵ بە یەک دەنگەوە
خ – بە وێنەی: خەبات
کاف – وێنەی کوردستان

ماوەی بە لە نیوەڕۆ
ئێوارە منداڵەکان
دەرسی تازە دەخوێنن
ی – وەکو : یەکیەتی

ڕۆژی شەمەی داهاتوو
بەڵام تاکو خۆراوا
لە ڕێی شارا وەستا بوون
تینی خۆر و خەمباری
مامۆستامان وا لە کوێ؟

پێش ئەوەی تاریک دا بێ
مامۆستای قوتابخانە
مامۆستای قوتابخانە

ماوی حەفتەی دەگوزەرێ
بەڵام خوێندەوارەکان
دەنگی بەرزی دەرسی جوان
ب – وێنەی : بێگانە
چاویان وابە ڕێگەوە

ڕۆژی هەوەڵی زستان
کەسی هەواڵی دێنێ
چە ن لاویکی ڕوشنبیر
ئەو ڕۆژە تاریک و ڕوون

ئیتر ئەو منداڵانە
کاتی ئە رون بە دل تە نگ
خوێندەواری کش و مات
فرمێسکی پڕ لە گری

لە بان تەختەی سەر دیوار
دڵی نەدەهات کەسێ
«ی – وەکو : یەکیەتی»
«ئا – وینە ی ئازادی »
«کاف – وێنەی کوردستان »

ت – وێنەی تێکۆشە ر
سەر و سێدارە و سستی
***
دەڵێن بە ئاهەنگەوە:
خوێندن و خوێن خەڵات
کورد و کومەڵ و کوێستان...
***
دوایی دێ دەرسێ ئەمڕۆ
لە نێو باخ و لە سەربان
بە خەڵکی ڕادەگەیەنن:
یەک گرتن و یارمەتی...
***
ئەو دەرسەیان لە بەر بوو
بەو گەرمای خۆرەتاوا
چاوەڕێی مامۆستا بوون
پرسین و چاوەنواری
بۆچی نایەتەوە دێ؟
***
هەواڵی کەوتە نێو دێ
کەوتۆتە بەندیخانە
کەوتۆتە بەندیخانە...
***
نابێ لەوێ خەبەرێ
هەر لە قوتابخانە دان
ئەڕوا بەرەو ئاسمان:
برین و بەندیخانە...
مامۆستایان بێتەوە
***
کە سەرما هاتە کوێستان
دڵی دێ ئەلەرزێنێ:
بە هاوری کاکی مودیر
لە سێدارە درا بوون...
***
جێی دێڵن قوتابخانە
چاو بە فرمێسک و بێ دەنگ
سەرەنجی دیوار ئەدات
دێت و بەرچاوی دەگرێ
***
خەتی مابوو یادگار
شتی لە سەر بنووسێ :
«یەکگرتن و یارمەتی»
«ئاڵای ئاوات و شادی»
کورد و کومەڵ و کوێستان»

**ماموستا مه لا عەبولا کاتب**

# چیرۆکی باڵندەیەکی تەنیا لە نێو دارستانێکی گەورەدا

وەرزی زستان بوو باڵندەکان هەموویان بەرەو ناوچە گەرمەکان کۆچیان دەکرد چونکە هەم گەرم و هەم تووی هەبوو بۆ خواردن. بەڵام باڵندەیەکی بچکۆلە مایەوە، چونکە هەردوو باڵی شکابوو و نەی دەتوانی هەڵفڕێ. تەنیا و بێ کەس لەو سارد و سەرمایە دا مابۆوە. نەیدەزانی چ بکا. لە ناکاو لەوبەری کێوەکان چاوی بە دارستانێک کەوت، هەوای ناو دارستان گەرمتر بوو و دەیتوانی داوای یارمەتی لە دارەکان بکا.

سەرەتا گەیشتە داری قەزوان، باڵندەکە بە داری قەزوانی گوت: داری قەزوانی جوان! باڵەکانم شکاون و هاوڕێکانیشم بەجێیان هێشتووم و بەرەو گەرمیان کۆچیان کردوە. دەتوانی لە نێو لق و پۆپەکانت دا جێگایەکم بۆ بکەیەوە؟ تا هاوڕێکانم دەگەڕێنەوە بۆ لام؟

داری قەزوان لە جواب دا گوتی: نەخێر چونکە ئێمە لەو دارستانە دا بە هەزاران باڵندەمان هەیە کە دەبێ یارمەتیی ئەوان بدەین. بۆیە ئەمن هیچم لە دەست نایە بۆت.

باڵندە بچکۆلە بە ناهومێدی بە خۆی گوت: داری قەزوان زۆر بە هێز نیە، ئەمن دەبێ داوای یارمەتی لە داری بەڕوو بکەم. باڵندە جوانەکەی نێو چیرۆکەکەمان چوە لای داری بەڕوو و پێی گوت: داری بەڕوو! ئێوە زۆر بە هێز و گەورەن، ئیزنم پێ دەدەی تاکو وەرزی بەهارو گەڕانەوەی هاوڕێکانم لە نێو لق و پۆپەکانی ئێوە دا هێلانە دروست بکەم؟ داری بەڕوو هاواری کرد نەخێر، تا هاتنی وەرزی بەهار زۆر زۆرە، خودا دەزانێ چیم بە سەر دێنی. باڵندەکان بەردەوام بە دوای خواردنەوەن و لەوانەیە تۆش هەموو بەڕووەکانم بخۆی.

باڵندەکە لە دڵی خۆی دا گوتی لەوانەیە داری بی لەوانی تر دڵسۆزتر بێ، بۆیە داوای یارمەتیی لێ کرد، بەڵام دارەکە بەوپەڕی لەخۆ رازییەوە گوتی نەخێر، ئەمن نە دەتناسم و نە یارمەتیت دەدەم نە قسەشت لەگەڵ دەکەم، داری دڵسۆز زۆرە لە نێو دارستان دا، برۆ داوای یارمەتی لەوان بکە، بێ گومان یارمەتیت دەدەن، خێرا لە من دوور کەوە.

باڵندەی بێ چارە نەیدەزانی چی بکا. باڵەکانی زۆریان ئازار هەبوو بەڵام ناچار بوو هەڵفڕێ پێش ئەوەی زۆر دوور ببێتەوە دەنگێک پێی گوت: باڵندە بچکۆلە بۆ کوێ دەچی؟ باڵندە کە زۆر نارەحەت بوو: «نازانم، بەڵام زۆرم سەرمایە».

داری سنەوبەر بە دڵسۆزییەوە گوتی «وەرە بۆ ئێرە بۆ لای من، ئاگام لێت دەبێ، تۆ دەتوانی لەسەر گەرمترین لقی من هێلانە ساز بکەی تا هاوڕێکانت دەگەڕێنەوە لە لای من بە.

باڵندە لە خۆشیان نەیدەزانی چ بکا گوتی بە راستی دەتوانم لەلات بمێنمەوە؟ داری سنەوبەر گوتی: بەڵێ بێ گومان دەتوانی لق و پۆپەکانم نەرم و ئەستوورن تا گەڕانەوەی هاوڕێکانت لە کام بەش پێت خۆش بوو هێلانە ساز بکە.

داری تووی کێوی گوتی: لقەکانم ئەستوور نین کە تۆ بتوانی هێلانەی لە سەر ساز بکەی، بەڵام دەتوانم ئەمنیش تووت بۆ بێنم تاکوو برسیت نەبێ.

دارەکانی دیکەش هیچ یارمەتیی ئەو باڵندە بەستەزمانەیان نەدا و لە خۆیانیان دوور کردەوە.

بەیانی رۆژی دواتر بایەکی بە هێز لە لای باکوورەوە هات.

با پرسی پاشای دارستان ئەمن دەبێ گەڵای هەموو دارەکان هەڵوەرێنم؟

پادشای دارستان گوتی نا، نابێ داری ئەو دارانە هەڵوەرێنی کە پەنای باڵندە بچکۆلەیان داوە هەر بۆیە گەڵای داری سنەوبەر و دار تووی کێوی و داری کاجی هەڵنەوەراند و لە هەموو وەرزەکانی ساڵ دا هەر سەوز و جوان دەمێننەوە.



**ئا: دایکی نارین**






# ئایا دەزانن؟

ئایا دەزانن ٢٠ لە سەدی ئاوی شیرینی جیهان لە وڵاتی ئەمریکا و کانادایە؟



ئایا دەزانن ئەو چینیانەی کە زمانی ئینگلیزی دەزانن زیاترن لەو ئەمریکاییانە کە زمانی ئینگلیزی دەزانن؟







ئایا دەزانن زیاتر لە ١٥ هەزار جۆری برینج هەیە؟



ئایا دەزانن کە ئەسپ لە بەرامبەر گازی فرمێسک رێژدا پارێزراون.

ئایا دەزانن کە بۆ توورە بوون ٤٣ ماسوولکە بە کار دێن بەڵام بۆ پێکەنین تەنیا ١٧ ماسوولکە بە کار دێن؟





ئایا دەزانن کە لە ١ سانتی مەتر پێستی لەشی مرۆڤدا ١٢ میتر عەسەب و ٤ میتر دەمار و وردە دەمار هەیە؟



ئایا دەزانن کە مرواری لە سرکە دا دەتوێتەوە؟

# منداڵەکان دەزانم ئێوەش ژینگە پیس ناکەن!



دایکی وانیا بڕێکی هەڵووچە کڕی، گوتی دوای نانی ئێوارە دایدەنێم با منداڵەکان بیخۆن، وانیا تا ئێستا هەڵووچەی نەخواردبوو. هەر چاوی لەسەریان بوو. وا دیار بوو کە زۆری کەیف پێیان هاتبوو، زۆریشی پێ خۆشبوو یەکێک لەو هەڵووچانە بخوات. بە دەوریان دا دەهات. کاتێک بینی ژوورەکە چۆڵ بووە و کەسی لێ نییە خۆی پێ ڕانەگیرا و بڕیاری دا هەڵووچەیەک بخوات.

دایکی پێش ئەوەی دەست بکا بە نان خواردن هەڵووچەکانی ژمارد و بۆی دەرکەوت کە هەڵووچەیەک خوراوە و ژمارەیان کەم بۆتەوە، ئەوەی بۆ بابی وانیا باس کرد.

لە کاتی نانخواردن دا و لەسەر سفرە بوون کە، بابی وانیا گوتی:-

«ئەرێ منداڵینە کامەتان هەڵووچەکەتان خواردوە؟»

هەموو گوتیان ئێمە نەمان خواردوە، وانیاش سوور هەڵگەڕابوو گوتی:- «من نەم خواردوە».

بابی وانیا گوتی هەر کامەتان واتان کردوە کارێکی هەڵەتان کردوە. زۆریش گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە کە هەڵووچە ناوکێکی تێدایە و دەبێت لە کاتی خواردنی دا ئەو ناوکە فڕێ بدرێت، بەڵام کەسێک کە پێشتر هەڵووچەی نەخواردبێت ئەوە دەنکەکەی قوت دەدات و ڕۆژی دوایە دەمرێت، ئەمن لەوەی دەترسم».

وانیاش ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و گوتی:- «بابە، ئەمن دەنکەکەیم نەخوارد و لە پەنجەرەوە فڕێم دایە دەرەوە».

لەو کاتە دا هەموو پێ دەکەنین و وانیاش گریا.

لەو چیرۆکەوە فێر بووین کە نابێت لە قسەی دایک و بابمان دەربچین و نابێت درۆ بکەین و نابێت پاشماوەی خواردنەکان فڕێ بدەینە سەر زەوی چونکە ژینگە پیس دەبێت.

**هانا وریا**

## چاوگەشەکانی دنیای منداڵان! جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو وێنەیە ببیننەوە





# وڵاتەکەمان بناسین

## «شارستانی کامیاران»

شارستانی کامیاران لە باشووری پارێزگای کوردستان هەڵکەوتووە و تەنیا ٦٥ کیلۆمیتر لە شاری سنەوە دوورە.

ئەم شارە لەسەر رێگای جاددەی کاروانی کۆن بەرەو باشووری رۆژئاوا بە شێوەیەکی لەبار هەلکەوتوە، کە بۆتە هۆی درەوشانەوە و گەشە کردنی ئەم شارە.

ئەو شارستانە بەرووبەری ١٨٥٢ کیلۆمیتر نزیکەی ٧/٦ لەسەد لە پانتایی پارێزگای سنەی پێکهێناوە. کامیاران لە باکوورەوە بۆ سنە لە باکووری رۆژئاوا بۆ مەریوان لە رۆژئاوا و باشووری رۆژئاواوە بۆرەوانسەر و لە باشوور بۆ پارێزگای کرماشان و لە باکووری رۆژهەڵاتەوە بۆ شارستانی قوورووە و لە بەشێک لە شارستانی سۆنقۆر لە پارێزگای کرماشان دەگەڕێتەوە. ئەم شارستانە ١٤٦٤ میتر لە دەریا بەرزترە. لە رێژەی حەشیمەتی ١٠٥٨٩٥ کەسیی ئەم شارستانە ٤٧/٥ لەسەد یانی ٥٠٣٠٣ کەس لە شارەکانی کامیاران و موچش و رێژەی ٥/٥٢ لەسەد یانی ٥٥٥٩٢ کەس نیشتەجێی گوندەکانن.

زاراوەکانی خەڵکی ئەم شارە سۆرانی، هەورامی و کەڵهوڕیین لە باری گوزەرانەوە کاری زۆربەی ئەم خەڵکە بە هۆی بوونی زەوی پڕپیت و بەرەکەتەوە وەرزێڕییە کە ئەمرۆکە بە شێوەی پێشکەوتوو دەکرێ کە داهاتێکی باشی بۆ ئەم خەڵکە هەبێ. تایبەتمەندییی گشتی، فەرهەنگی، کۆمەڵ ناسی خەڵکی ئەم شارە وەک شۆێنەکانی دیکەی پارێزگای سنەیە. شوێنە خوش و سرنج راکێشەکانی ئەم شارە بریتین لە: نووسراوی مێژوویی تەنگی وەر، بقعەی پیری کاشە قەبری شێخ عەبباس کومایین تەپۆلکەی تیانە، تەپۆلکەی « توبرە ریزە» بەردەنووسی هەورامان، ئاوی کانۆایی « گوار» چۆمی تەنگی وەر، لادێی مێژوویی پاڵنگانە.

هەروەها دامەزرانی کۆڕی پەروەردە کردنی ماسی « قزڵ ئاڵا» هەڵکەوتوو لە ٤٥ کیلۆمیتری کامیاران – مەریوان لە بەستێنی زێی سیروان بە رادەی ٥٦٤ تۆن لەساڵدا گەورەترین کۆڕی ساردی ئاوی وڵات دێتە ئەژمار کە بۆتە هۆی دڵگیر بوونی زیاتری ناوچەکە.

ئەم شارستانە لەوەرزەکانی بەهار و پایز کەش و هەوایەکی خۆشی هەیە. کامیاران باشووریترین شارستانی پارێزگای سنەیە و لەگەڵ پارێزگای کرماشان و وڵاتی عێراق سنووری هاوبەشی هەیە.

و: کیان




شارستانی کامیاران

# وێنەو نەقاشییەکانتان لە دنیای منداڵان دا



مەتین و پەیام مەمەندی — سۆلاڤ، سۆلان قازی — سارینا و سۆلاڤ قادری — شنیا و شێنێ شەڵماشی



پێشەوا رەحمەتی




بەیان و بێگەرد رەحمەتی




هانا قادری



رەهەند سولیەمانپوور



کیان خانزادی



رزگار شاماتی



کارزان ئەفشین



ڤیان چوکەڵی



دەریا فایەق



موکریان چوکەڵی




ژیلوان خێری



سارێژ سەممار




رێبین ئەسپۆردە



پشتیوان رەحمەتی



یەسنا سۆفی



سەهەند سولەیمانپوور